نووسینی:

**د. محمد حسن الحمصي**

# دایکێك

## چیرۆکێکی مێژووییە

و

## پیشانی دەدات  ئیمان موعجیزە دروست دەکات

وەرگێڕانی بە هەندێ دەستکارییەوە:

**د. حەسەن پێنجوێنی.**

**چاپی سێهەم** ٢٠١٧- ١٤٣٨

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

**چاپی یەكەم** ١٩٨٥- ١٤٠٥
**چاپی دووەم** ٢٠٠٧-١٤٢٧
**چاپی سێهەم** ٢٠١٧- ١٤٣٨

## روونكردنەوەیەک:

لە کۆتایی شەستەکانی سەدەی رابوردوودا کاتێ رژێمی بەعس هات ترۆر و تۆقاندنێکی زۆری لەناو خەڵکیدا دروست کرد، بەتایبەت لە تەک ئیسلامییەکاندا، وەک ئەوەی بەتایبەت بۆ ئەوە نێررابێ دوژمنی دینی خواو ئیسلامییەکان بێ، هاوردنی کتێبی فیکری ئیسلامی بەتەواوی قەدەغە کرد، ئەو گوڤارو هەفتەنامانەی لەدەرەوەی وڵات دەهاتن، سانسۆر ئەکران و ئەگر وتارێکی ئیسلامییان تیدابوایە ئەیان دڕی، ئەوسا رێیان ئەدا بکەوێتە بازارەوە.. بەتایبەت پاش شۆڕشی ئێران ئەم دژایەتی کردنە گەیشتە لووتکە، و رۆژبەرۆژ لیستێک ناوی کتێب بۆ قوتابخانەکان، ئەهات کە ئەم کتێبانەی لەم لیستەدان قاچاخن و دەبێ لەبەر دەست قوتابیاندا لاببرێت..

لەیەکێ لەو لیستانەدا تەفسیرێکی وشەکانی قورئان بوو، بەناوی {قرآن كريم تفسير وبيان/إعداد الدكتورمحمد حسن الحمصى}، هیچ پەیوەندییەکی بەسیاسەتەوە نەبوو، بەڵام لەبەر ئەوەی ئامادەکراوی ئەو پیاوەبوو، قاچاخ کرابوو، منیش ئەم سێ چیرۆکەی ئەوم:{ الزنزانة المتجولة، أم لا كالأمهات، الدين الحق} بە هەندێ دەستکارییەوە وەرگێڕابوو، بەناوی {زیندانێکی گەڕۆک، دایکێکی بێ وێنە، سەربازێکی نەناسراو}، لەبەر ئەوە کتێبەکان کاریگەری خۆیان لەپەروەردەو بانگەوازدا هەبوو، ویستمان بلاوی بکەینەوە، نەیش ئەکرا بەبێ ناو بڵاوبکرێنەوە، بەناچاری ناوی خۆمم لێدا ولەسەرم نەدەنووسی وەرگێڕ، یا نووسەر..

ئێستا سوپاس بۆخوا کە ئەو تۆقاندن و راوەدوونانە نەماوە، کاتی ئەوە هاتووە ئەو مافە بدرێتەوە بەخاوەنەکەی و لەسەریان بنووسرێ:

نووسینی : د. محمد حسن الحمصی.

وەرگێڕانی د. حسن پێنجوێنی.

# پێشەکی

نەتەوەی ئیسلامیمان لەم سەردەمە ناسکەی ئێستایدا پێویستی بەوەهەیە: گەردو تۆزی سەرلاپەڕەکانی مێژووی زێڕینی بتەکێنرێ، تا نەوەی نوێی نەتەوەکەمان تینویەتی خۆیان لەو سەرچاوە پاک و بێگەردەدا بشکێنن، ئەو سەرچاوەی کەماوەیەکی زۆرە بەهۆی هەوڵی داگیرکەرانەوە لێیان وون کراوە، و کەمێکی زۆرکەم نەبێ لەبارەی پاڵەوانان و پیاوانی ناوداری ئیسلامەوە شارەزاییان نیە !!

منیش بەپێو یستم زانی..

ئەوپیاوە ناودارانەی ئیسلام بەشێوەی چیرۆک،پێشکەش بەخوێنەرانی هاوزمانم بکەم، تاهەست بەکەمی ڕوویان تێنەکات و بگرە شانازیشیان پێوەبکەن، و بۆخزمەت کردن بەئاین و نیشتیمانەکەیان شوێن پێیان بکەون وچاویان لێ بکەن..

ئەم چیرۆکەیش سێ ئەستێرەی گەشی ئاسمانی پان و پۆڕی مێژووی ئیسلام بەخوێنەر دەناسێنێ:

١. ڕەبیعەی ڕەئی= ربيعة الرأي، مامۆستای ئیمامی مالیک.

٢. ئەو دایکە قارەمانەی کەخۆشترین کاتی تەمەنی دەکاتە قوربانی لەپێناو خودادا، و مێردی تازە زاوای بۆجیهاد لەڕێی خوادا دەنێرێت..

٣. ئەو باوکە پاڵەوانەی خێزانی تازەبووکی جێ دێڵێت، و مەشخەڵی ئازادی بۆمیلەتان هەڵدەگرێت، و ماوەی بیست و هەشت ساڵی ڕەبەق لە خەباتی چەکدارانەدا بەردەوام دەبێت، و لەم ماوە دوورودرێژەدا تەنیا جارێک چاوی بەخێزانی تازەبووکی ناکەوێت!!

بۆ ئەم مەبەستەش پەنامان بردەبەر کتێبە ناودارو باوەڕ پێکراوەکانی مێژوو.. بۆ زیادە دڵنیایش ناوی سەرچاوەکان لەپشتی چیرۆکەکەوە دەنوسین.

هیوادارم خواش یارمەتی دەربێت..

نووسەر

# ١

" هەی گەلۆرەی گەندەخۆرە، بۆچ بێئیزن و بێپرس بەم نیوە شەوە خۆت بەماڵی مندا کرد ؟"

ئەمەقسەی ئەو کوڕە گەنجە تازە پێگەیشتووە بوو، کە یەخەی پیاوێکی پیری گرتبوو، چونکە بێپرس دەرگاکەی کردبووەوە. کوڕەگەنجەکەش کەبینیبووی واپیاوێکی نامۆ لەدەرگا ناداو خۆی بەماڵدا دەکات گڕی توڕەیی بڵێسەی گرتبوو، بۆیە ئەمیش یەخەی دەگرێ و توند بایدەدا، ئەگەر بەرگری بەهێزی پیاوە پیرەکە نەبوایە –کەگەنجەکەی وەک میزراح دەخولاندەوە- دەیویست هەناسەی لێ ببڕێت و بیخنکێنێت..

ئەم دوو پیاوە لە ژێر باڵی تاریکایی شەودا یەکتریان دەهێناو دەبرد، هەریەکەیان دەیویست ئەوی تریان بخاتە سەرسەری و هەڵی بداتە ئەو دیو خانووەکەوە ..

پیاوە نامۆکە، پیاوێکی زبرو توندە تەبیعەت بوو، وەک ئەوە بەدرێژایی تەمەنی سەرباز بووبێت و هۆگری جەنگ.

پیاوە نامۆکە، هێشتا چەند هەنگاوێک زیاتر، نەهاتبوە ناوداڵانەکەوە، کوڕە گەنجەکە توند یەخەی گرتبوو، لەگەڵ ئەوەدا هەوڵدانی هەریەکەیان، بۆ کردنەدەرەوەی ئەوی تریان، کاتێکی زۆری دەویست، چونکە هێشتا نەیانتوانیبوو بڕۆنە

دەرەوە، بەگاڵە گاڵ و بگرەو بەردەی ئەوانەوە خەڵکێکی زۆر لەماڵ خۆیانەوە، گوێ قوڵاخ بووبوون، تابزانن بەم شەوە تاریکە چی ڕوویداوە؟

دنیا شەوە زەنگە، چاوچاو نابینێ، لەبەر ئەوە کەسیان نەدەبینی، تەنیا گوێیان لەهەراهەرا بوو..

پاش ماوەیەک گوێ ڕاهێشتن دەنگی کوڕە گەنجەکەیان ناسییەوە، کەبەتوڕەییەکەوە دەیگوت: ئەم تاوانبارە بێ پرس خۆی بەژووردا کردوە و نیازیشی خراپ بووە..

ئەنجا خەڵکی تێگەیشتن و لەماڵ هاتنە دەرەوە و بەرەو هەراهەراکە ڕۆیشتن..

یەکێک دەیگوت: ئەو ماڵ وێرانە، چۆن بێپرس و ڕێپێدان خۆی بەماڵدا کردووە؟..ئاخر، ماڵ حورمەت و ڕێزێکی تایبەتی هەیە..

یەککێکی تر دەیگوت: ئەم کابرایە بەم شەوەزەنگە چۆن چووەتە ئەو ماڵەوە؟!

ئەوی تر دەیگوت: ئەوە ئەگەر باوکی لەماڵەوە بوایە، هەر بە یەک سەرە ڕم دەیکوشت..

ئەوی ئەولاوە دەی گوت: توخوا دەستدرێژیکردن بۆماڵی خەڵکی، ناپیاوی نیە؟! ماڵی کێش ؟ ماڵی پیاوێک هەموو تەمەنی بەخەبات و تێکۆشان لەپێناوی خوادا بەسەر بباتِ!!..

ئەوی ئەولا تردەی گوت: ئەم گەندە خۆرە دەستدرێژی بۆ ماڵی زانایەکی پایەبەرزی وەک (ڕەبیعە) کردووە!! ئەوی تر لەپەنایەوە دەیگوت: پیاوەتی نەماوە، ئەگەر پیاوەتی بمایە کەس دەست درێژی بۆماڵی پیاوێکی زاناو پایەبەرزی وەها

دەكرد؟! توخودا ئەئەمە نارەسەنی نییە؟..یەكێكی تر دەیگوت: ئای چ سەرشۆڕی وشوورەییەكە؟! ئەگەرباوكی "ڕەبیعە" بەر گوێی بكەوێت دەستدرێژی بۆماڵی كراوە!! ئەو لە سەمەرقەند و بوخارادا وەک موجاهیدێک لەپێناوی خوادا ئەركی سەر شانی بەجێ بێنێت، و لێرەوە دەستدرێژی بكرێتە سەرماڵی؟!!

پیاوێكی تر دەیگوت: باوكی (ڕەبیعە) ماوەی بیست و هەشت ساڵە، موجاهیدە و لەخەبات وتێكۆشاندایە، و لەم ماوە دوورو درێژەدا، تائێستا سەرێكی لەماڵەوە نەداوە، و پاداشتەكەشی ئەمە بێت: گەلۆر و گەندە خۆرێكی وا دەستدرێژی بۆ ماڵ و سامانی بكات؟ جا، توخودا ئالەمە شورەییتر هەیە؟!

# ٢

خەڵكەكە بەدەوری هەراو بەزمەكەدا كۆ ببوونەوە، هەندێكیان مۆم و هەندێكی تریان چراوگیان بەدەستەوە گرتبوو. بەڵام لەبەر هاتوچۆ وجموجوڵی زۆری خەڵكەكە ئەوەندە شەوقیان نەبوو تابەجوانی بزانن ئەم دووكەسەی دەستیان داوەتە یەخەی یەكتر كێن و كێ نین؟! لەگەڵ ئەوەدا ئەوانەی لەنزیكەوە بوون، توانییان لێكێان بكەنەوە و پیاوە نامۆكەیان توند گرت، تا نەتوانێت هەڵبێت..

ئەم دوو پیاوە، هەردووكیان هەڕەشەیان لەیەكتر دەكردو هەریەكەیان، ئەوەی تریانی بەدەستدرێژی كردن بۆ ماڵ و منداڵەكەی تاوانبار دەكرد!!

ئەوانەی كۆ بووبوونەوە، سەریان سوڕمابوو، لەوانەیە ئەم پیاوە نامۆیە بۆیە وابكات، بییەوێت لەدەست هەق هەڵبێت!!

بەڵام تاوانباری وا، چۆن دەتوانێت لەدەست دادگەری هەڵبێت؟ دەبێت تۆڵەی ئەو تاوانەی لێبسەنرێت و ئەو دەستەی ببڕرێت کە دەستدرێژی پێ کردووە.. توندو تۆڵ گرتبوویان، نەوەک تاریکایی شەو بەهەل بزانێت و هەڵبێت، کەبۆی دەرکەوت ناتوانێت ڕابکات و ڕزگاربێت، بەم لاولای خۆیدا لای دەکردەوە و هاواری دەکرد و دەیگوت: خەڵکینە! بەرەڵام بکەن، بەوخودایە نایەڵم لەدەستم دەرچێت، چۆن دەستدرێژی بۆماڵی من دەکات؟! بەرم بدەن، وازم لێبێنن..بەو خوایە ڕمەکەم بەدەستەوە بوایە، هەرلەجێدا دەمکوشت و هەناسەم لێ دەبڕی، پێش ئەوەی ئێوە پێی بگەن و نەیەڵن بەدەستی خۆم مافی خۆمی لێ بسێنم!!.

بەرەڵام بکەن ..ئای پوکاوولم کەن!! بۆچ دێڵم لەدەستم دەرچێت؟! بەو خوایەی خوای نییە، لەژێرشمشێری مندا وڵاتی پان و پۆڕی (بەنی ئومەییە) شەق و لۆق دەبێت، و بەو ڕمەی من تەخت و بەختیان دە هەژێنم..خۆ پیاوەتی نەماوە!! ئای خەڵکی چۆن لەڕاستی لایان داوە!!..

ڕووی کردە خەڵکەکە و سەرزەنشتی کردن و گوتی: جاران خەڵکی وانەبوون! لایەنگری ڕاستییان دەکرد، بەناهەق پشتگیری خزم و خوێشیان نەدەگرت، بۆ نەفامی لەناو ئەم خەڵکەدا هێلانەی کردۆتەوە؟ بۆ ئەم خەڵکە خەڵکەکەی جاران نین؟! هەر زۆر گۆڕاون، پیاوەتی نەماوە، باوەڕ کزو لاواز بووە، چیتانە؟ لەخوابترسن!!

# ٣

لەم لایشەوە"ڕبیعە" هەوڵی دەداو خۆی ڕادەپسکاند ودەیویست خەڵکەکە ناوبڕ بکات، و بگاتە خەنیمەکەی، وبەدەستی خۆی تۆڵەی لێ بسێنێت، پێش ئەوەی لەدەستی دەرچێت.. خەڵکەکە گرتبوویان لەبەر ئەوە دەستی پێ نەدەگیشت، هاواری کردو گوتی: خەڵکینە بەرم دەن.. وەڵڵاهی من بەچاوی خۆم دیم بەچەکەوە خۆی کرد بەماڵدا!!

ئەئەوە شمشێرەکەیەتی، کەلەپشت دەرگای خانووەکەوە دایناوە.. و ئەمەش باشترین بەڵگەیە کەنیازی خراپ بووە!!

بەرم دەن، باوەڕتان هەبێت تا نەیبەمە لای والی ونەیکات بەعیبرەت بۆ هەموو تاوانبارێک، لەکۆڵی نابمەوەو وازی لێ نایەنم!!

ئەوەندە توڕەبووبوو، لەعەزرەتدا کەفی دەچەڕاند و دەیگوت: وەڵڵاهی لەسەر دەمی نەفامیشدا، هێشتا شتی وا ڕووی نەداوە!!

ئەنجا خۆی ڕاپسکاندو ویستی هەڵمەت بداتە دوژمنەکەی، لە گەڵ ئەوەدا سەرزەنشتی خەڵکەکەی کردو گوتی: وازم لێ بێنن، باخۆم هەقی خۆم بسێنم، خۆ ئێوە پشت گیری هەق ناکەن، دەماری پیاوەتیتان پساوە..

# ٤

لەوکاتەدا کەئەم دوو پیاوە بازرەقەیان دەداو  دەیان ویست هەڵمەت بۆ یەکتر بەرن ولە تورەییدا ئاگریان گرتبوو، خەڵکەکەش بەدەوریاندا قاڵە و گاڵەیان بوو، لەبەر تیشکی لاوازی چراوگەکاندا، هەندێکیان ئیمامی"مالیک "یان بەرچاو کەوت، بۆیە گوتیان: بێ دەنگ بن ئەوا" ئیمامی مالیک" هات، ماوەی بدەن و ڕێگەی بۆبکەنەوە، تاچارەسەری ئەم کارەبکات.. بەڵێ، خەڵکەکە ئاو درنگیانداو ئیمام نزیک بوەوە.. هەردوولا، کەناوی ئیمامیان بیست دڵیان خۆشبوو، چونکە هەریەکەیان وای دەزانی ئیمام دەبێتە لایەنگری وپشت گیری دەکات !!

پێش بێدەنگ بوونی هەردوو نەیارەکە بۆ بیستنی بڕیاری ئیمام، هەریەکەیان بەقسەیەک خەشی دڵی خۆی هەڵڕشت. "ڕەبیعە" گوتی: هەی دوژمنی خوا، دەست درێژی بۆماڵی من دەکەیت ؟!

هەردوو نەیارەکەو خەڵکەکەش بۆ ڕێزگرتن لەئیمام، بێدەنگ بوون، هەرچەندە "ڕبیعە" مامۆستای ئیمامی"مالیک" بوو، بەڵام ئەمە وای نەکرد (ئیمامی مالیک) لەفەرمان دەرکردندا هەڵەشەیی بکات، چونکە ئیمام وەک قازی (مەدینە) وا بوو، لەبەر ئەوە پێویست بوو بەووردی لێی بکۆڵێتەوە، و هەریەکەیان مافی خۆیانیان بداتێ.. نە لایەنگری مامۆستاکەی بکات، و نەستەم لەپیاوە نامۆکەیش بکات..

# ٥

ئیمام له "ڕبیعه"ی پرسی: هۆی ئەم هەرایه چیه؟ (ڕەبیعه) گوتی: ئەمه بەم شەوه درەنگه بێ ئیزن وبێ پرس خۆی بەَ ماڵدا کردووه و شمشێرەکەشی لەپشتی دەرگاکەوه داناوه و نیازی خراپ بووه..

ئیمام ڕووی کرده پیاوەکه و گوتی: کابرا! هیچ ماڵیکت نەدۆزییەوه ماڵی رەبیعه نەبێ؟

کابرا لەقسەکانی ئیمام ئێجگار پەست بوو، بۆیه هاواری کرد، و گوتی: تۆیش مامۆستای بەڕێز؟ شتی وا بەمن دەڵێیت ؟ ئەم خانووه خانووی خۆمه!!

زۆری پێ سەیر بوو، کەخەڵکی ئەم خانووه، بەخانووی ئەم نازانن !.پەنجا ساڵ زیاتره ئەم خانووەی هەیه.. ئەنجا گەیشت بەگیانی و هاواری کرد و گوتی: ئەمه خانووی خۆمه..من (فەڕووخ)م .. فەڕووخ..

خەڵکینه! من فەڕووخی خاوەنی ئەم خانووەم.. لەتیرەی " ئال مونکەدیر"م لەهۆزی "قوڕەیش"، کوڕه ئەوه پیاوێکی لێهاتوتان تیانیه، ڕاستەقینه بخاته پێش چاو؟!

# ٦

هەندێ کەس دەڕۆیشتن ولەبەر خۆیانەوە دەیانگوت: فەڕووخ ..فەڕووخ.. ئاخۆ ئەم فەڕووخە کێ بێت؟

ئەم خانوە خانووی ڕەبیعەیە،و پشتاو پشت بۆی جێماوە، ئەبێ ئەم فەڕووخە چ پەیوەندییەکی بەم خانووەوە هەبێت؟ چونکە دەیان ساڵ بوو ئەم پیاوەیان نەدیبوو ..

هەندێکی تر لەخەڵکەکە کەوتبوونە گومانەوە و لەدڵی خۆیاندا دەیانگوت: تۆ بڵێیت ئەم کابرایە ناوی فەڕووخی بیستبێت و بزانێت کەچارەکە سەدەیەک لەم خانووەدا ژیاوە و ئێستا بیەوێت خانوەکەیان لێ داگیربکات ؟..

هەندێکی تر دەیانگوت: تۆ بڵێت ئەمە فەڕووخ  خۆی بێت و پاش ئەم ماوە دوور و درێژە سەری هەڵدابێتەوە؟!..

کاتێک دایکی ڕەبیعە گوێی لەدەنگی پیاوەکەبوو کەدەیگووت: " من فەڕووخم..فەڕووخ .." دڵی کەوتە تەپەتەپ، بیری لەقسەکانی دەکردەوە، لەڕووناکیە کزولاوازەکەی چراوگە کانەوە کە تەماشای کرد هەندێ لەڕواڵەتی ناسییەوە، وهاواری کرد: (ڕەبیعە کوڕی خۆم! ئەوە  فە...فەڕ.. فەڕووخ ..خی باو کتە...ئەوە  فەڕووخە... فەڕووخ ..!! نیشانەی سەرسامی و سەرسوڕمان لەڕواڵەتی خەڵکەکەدا دەبینرا !!..

ئەوانەی گەنج و تازە پێگەیشتوو بوون  دەیانپرسی:  ئەم فەڕووخە کێیە؟

دایکی ڕەبیعە هاواری دەکرد: بەرەڵای بکەن ئەوە  فەڕووخی مێردمە.. ڕەبیعە ئەوە باوکتە ..فەڕووخ! ڕەبیعە کوڕی تۆیە

.. ئەوە ئەو منداڵەیە کەتۆ ڕۆیشتیت بۆ جیهاد سکم پێی پڕبوو و لەسکمدا بوو..

خەڵکەکە واقیان ووڕما بوو.. توانای جم وجوڵیان نەبوو !! هیچ شتێک نەدەبزوا، تەنیا ئەو چاوانە نەبێت کەلەپەرژینی پێڵوەکانەوە بەڕاست و چەپدا دەبزوا، بەڵکو لەم قسانە حاڵی ببێت وتێ بگات !!

دەنگی پێی ئەم دووپیاوە بێدەنگیەکەی نەهێشت، ناو درنگیان بەڕیزی ئەو خەڵکەدا، کە لەو ناوەدا کۆ ببوونەوە، چونکە هەر یەکەیان دەیویست بۆلای ئەوی تریان بڕوات.

هەر دووکیان باوەشیان بەیەکدا کرد و دەستیان لەملی یەکتر کرد.. یەکتریان توند دەگوشی.. بێجگە لە قوڵپەی گریانی بەکوڵ دەنگێکی تریان لێ نەدەبیسترا ..

ئەم باوەش بەیەکدا کردنە بۆ خوێنڕشتن نەبوو، بەڵکو بووە هۆی ڕشتنی فرمێسکی خۆشی، بەڵێ، فرمێسکی شادیان دەڕشت چونکە پاش ونبوونێکی زۆر دوورودرێژ بەیەکتر شاد بوونەوە..

ئافرەتەکەش هات و دەستی سۆزو خۆشەویستی خستە سەر شانی هەردوویان، سۆزێکی وا لەگەڵ دوور کەوتنەوەی ئەو ماوە دوورو درێژەدا بگونجێت، خەڵکەکە ئەبڵەق بووبوون! نەیان دە زانی چی بکەن ؟!

# ٧

پیرو بەساڵاچووەکان مێژووی بیست وهەشت ساڵ لەمەوبەری ئەو خانووەیان دەهێنایەوە پێش چاو، کاتێک فەڕووخ ئەو

ئافرەتە لێهاتووەی لەو خانووەدا گواستەوە، ئەوئافرەتەی شیاوی ئەوەبوو ببێتە پێگەیەنەری منداڵەکانی و منداڵێک پێبگەیەنێت کە بۆ نەتەوەیەک ببێتە زەخیرە..

پیر و بەساڵاچووەکان بیست وهەشت ساڵ پێش ئێستایان هاتەوە یاد: کە فەڕووخ لەهەرەتی جوانی و لاویدابوو،کاتێ داوای ئەم ئافرەتەی کرد نەلەبەر جوانی و جەماڵی بوو، نەلەبەر ماڵ و سامانی زۆری بوو، نەلەبەر کەس و کار و بنەماڵەکەی بوو، لەبەر هیچ کام لەمانە داوای نەکرد، بەڵکو تەنیا لەبەر ئەوە داوای کرد کەئافرەتێکی خاوەن باوەڕ و لە خوا ترسە، ئەوەی فەڕووخی هاندا ئەو کارە بکات فەرموودەکەی پێغەمبەر بوو کەهەمیشە بەسەر دەمیەوەبوو دەیگووت: پێغەمبە- صلی الله علیه وسلم –فەرموویەتی:

" فَاظْفَرْ بِذَاتِ الدِّينِ تَرِبَتْ يَدَاكَ "..

واتە: هەوڵ بدە ئافرەتی لەخواترس وخاوەن بڕوا بەدەست بێنیت دەستت بەخێرا دەچێت، و تووشی خێردەبیت .. لە ماوەیەکی کەمدا خەیاڵێکی زۆرو فراوان بووە میوانی مێشکی پیاوە پیر وبەساڵاچووەکانی گەڕەک.. وێنەی گەنجی فەڕووخیان دەهاتە پێش چاو، کەلەو کاتەدا چەند خۆی بە بەختەوەر دەزانی خوا ئەم خێزانە باوەڕ پتەوە ڕەوشت بەرزە ژیرو دڵگیرەی پێ بەخشیوە ..

بەڵێ، خەڵکەکە لەخەوی بەئاگایی خەبەریان بووەوە، و بڵاوەیان لێکرد و هەرکەسە ڕۆیشتەوە بەلای ئیش و کاری تایبەتی خۆیەوە، تا گرنگترین وخۆشترین کات لەژیانی ئەم خۆشەویستانەدا نەگرن ..

# ٨

هەر سێ خۆشەویستەکە-باوک ودایک وکوڕ- ڕۆیشتنە ماڵەوە، لەخوشیدا نەیاندەزانی چی بکەن وچی بڵێن؟ هیچیان لەدەست نەدەهات، تەنانەت گریانیش، هەر هەنسکیان دەدا..

زۆری نەخایاند دایکی ڕبیعە بەسۆز کردنێک ژێی دڵەکانی بزواندەوە،و خۆی دەستی بەگریان کرد، وئەوانیش وەک سەماوەر بەگریانێکی لەکوڵ هاتنە جۆش و خرۆش..

شیرینی ڕووداوەکان وەک فلیمێکی سینەمایی بەبیرەوەری هەرسێکیاندا تێدەپەڕی و ڕادەبورد.. هەر کەسە چەندەها ساڵ لەمەو پێشی دەهێنایەوە پێشچاوی خۆی..

بەزمانی حاڵ دایکەکە سوپاسی خودای دەکرد، کەمێردەکەی لەگەڵ ئەوەدا توانیویەتی بەشەرەفی تێکۆشان لەپێناوی خوادا بگات بەبێوەی هاتۆتەوە..

باوکەکەش سوپاسی خوای دەکرد ...ئەو کۆرپەلەی کەئەم بەجێی هێشت لەسکی دایکیدا سێ چوارمانگ بوو،وائێستا بووەتە کوڕێکی گەنج و لێهاتوو، و لەماوەی دوورکەتنەوەی ئەمدا ئەرکی بەڕێوەبردنی ماڵەکەی لەئەستۆ گرتووە،و ئێستاش کەئەم پیربووە، دەنوانێت لەتێکۆشان وخەباتی چەکدارانەدا جێگەی بگرێتەوە..

کوڕکەش سوپاسگوزاری خودابوو، کەئەو پەڵە هەورە ڕەوییەوە و هیچیان دەستێکی وایان نەوەشاند کەهەتا هەتایە پەشیمانی لەدوابێت .. بەڵکو بەبێوەی گەیشتنە ئەنجام .. هەروەها سوپاسی خوای دەکرد کەباوکێکی وای داوەتێ بیست

وهەشت ساڵ تەمەنی لەجیهادا بەسەر بردووەو بە بێوەی هاتوەتەوە...

# ٩

بێدەنگی درێژەی کێشا..خەیاڵ پەرتەوازە بوو.. ترس وبیم خەریک بوو سەری بۆ دەروونی دایکەکە دەکوتا..ئەوا مێردەکەی هاتۆتەوە، بێگومان هەواڵی ئەو سامان وماڵە دەپرسێت کەبۆی جێهێشتوە، و ئێستاش یەک درەمی لێ نەماوەتەوە!!

لەم بێدەنگییەدا کوڕەکە هاتە قسەو داوای لەباوکی کرد، هەندێک باس و هەواڵی ئەم سەفەرە دوورو درێژەیان بۆ بگێڕێتەوە..

دەنگی ڕەبیعە توانی پەردەی بێدەنگی بدڕێت، بەڵام نەیتوانی ترسی دەروونی دایکی نەهێڵێت،هەرچەند دایکەکە بە زەحمەتێکی زۆر،کەمێک ئەو ترسەی لەدڵی خۆی دوور خستەوە. بۆیە دایکیشی بووە هاودەنگی و داوای کرد، لە کەشکۆڵەکەی خۆی دەنگ وباسی سوپای ئیسلامیان بۆ بگێڕێتەوە،و چییان لەناوچەی خۆراسان وسەمەرقەندو بوخارادا بەسەرهاتووە؟؟

پاڵەوانی موجاهیدو جەنگاوەر بەم جۆرە کەوتە قسەکردن وگوتی: دایکی ڕبیعە! وەڵلاهی ئەو ڕۆژەم دێتەوە یاد،کەبیست و هەشت ساڵ لەمەوپێش، جل وبەرگی جەنگم پۆشی و سوار ئەسپە بۆرە بووم، و لەو کاتی بەرێکردن و خوا حا فیزییەدا

پێت گوتم: بەبێوەی و بێمزەڕەت بڕۆیت و بەسەرکەوتنێکی گەورەوە بگەڕێیتەوە، بەخوام سپاردی و خوات لەگەڵ بێت ..

دایکی ڕەبیعە گوتی: پیاوەکە! بۆچ ئەو قسەیەت لەیادماوە کەلەوەڵامی قسەکەی مندا کردت ؟

فەڕووخ گوتی: چۆن ئەو دەستەواژەیەم لەیاد دەچێتەوە، کە ئاوەڕۆی هەموو ژیانمی گۆڕی؟ من لەسەر خۆم نەزرم کرد تا ئەسپەکەم لەئاوی ڕووباری (سەیحون) ئاو نەخواتەوە نەگەڕێمەوە.. ئەو ڕووبارەی کەماوەیەکی زۆربوو لە موسوڵمانان یاخی ببوو.. هەروەها بەپێویستم زانی لەگەڵ ئەو سوپایەدا بم، کەمەشخەڵی ڕووناکیان هەڵگرتوەو دەیانەوێت وولاتی "ماوراءالنهر" ڕوون بکەنەوە.. ئەنجا فەڕووخ لای کرد بەلای دایکی ڕەبیعەوە و گوتی: بۆچ ئەوەی ئەو ڕۆژە بەمنت گوت، لەیادت چووەتەوە؟

دایکی ڕەبیعە گوتی: نەء، هەرگیز لەیادم ناچێتەوە، ئەوە ماوەی چارەکە سەدەیەک زیاترە بەدرێژایی ئەم ساڵانە ئەو قسەیە لە گوێمدا زرنگاوەتەوە، هەر ئەو قسەیەش گورج و گۆڵی کردمەوە و وای لێکردم دان بەخۆمدا بگرم ونەڕووخێم.

ڕبیعە گوتی: دایەگیان! چیت بەباوکم گوت ؟

دایکی گوتی: لەو ڕۆژەدا ئەم قسەیەم ئاڕاستەی باوکت کرد، ئەو دەستەواژەیەی ئێستاش شەپۆلی ئاوازەکەی لەگوێم دەدات، لەیادمە پێم گوت: ئەگەر نەتان توانی بگەنە ڕووباری (سەیحون) تۆ بەسەرشۆڕی دەگەڕێیتەوە بۆلام؟! ڕەبیعە گوتی: دایەگیان! بەڕاستی قسەیەکی کاریگەر و هەڕەشەیەکی گەورەت کردووە.. ئەنجا پاش کەمێک بێدەنگی، ڕبیعەگوتی: دایە گیان! ئەی باوکم وەڵامی چۆن دایتەوە؟؟

فەڕووخ گوتی: کوڕی خۆم! سوێندم بۆ خوارد و گوتم: وەڵلاهی تا یەکێک لەو دوو بەهرەیەم دەستگیر نەبێت ناگەڕێمەوە: سەرکەوتن، یان شەهید بوون..

ڕەبیعە گوتی: سوپاس بۆخوا، بابەگیان! سوێندەکەت بەجێهێناو پەیمانەکەشت بردە سەر ..

فەڕووخ گوتی: کوڕی خۆم! چۆن دەتوانم پەیمانەکەی خۆم بەجێ نەهێنم دایکت هەڕەشەی لێکردم و گوتی: ئەو سوێندەی خواردت ئەگەر بەجێی نەهێنیت لەم ماڵە دەرت دەکەم ؟!

ڕەبیعەگوتی: دایەگیان! چۆن هەڕەشەی وات کردوە؟!

دایکی گوتی: نا، کوڕی خۆم! ئەو هەڕەشەیەم بەوجۆرە ڕاستەو ڕاست لێنەکرد. بەڵکو باسی خێزانی ئەو هاوەڵانە (اصحاب)م بۆ کرد، کە مێردەکانیان لەجەنگی (موئتە)دا گەڕانەوە و چییان پێکردن..

جا، گوتم: ئەو موجاهیدانە ڕوویان نەبوو بەڕۆژدا بێنەوە ناوشار، بەڵکو بەشەودا هاتنەوە، بەڵام پێش هاتنەوەی ئەوان، هەواڵی سەرنەکەوتنیان گەیشتبووە خێزانەکانیان، لەبەرئەوە هەر دایکێک گوێی لەدەنگی کوڕەکەی بوایە، یاهەر ژننێک دەنگی مێردەکەی ببیستایە،و هەر خوشکێک گوێی لەدەنگی برا موجاهیدەکەی ببووایە دەری دەکرد، و دەرگای لێ دادەخست، و بەتوڕەییەوە سەرزەنشتی دەکرد، و پێی دەگوت: هەی ترسنۆکەی هەڵاتووە! لەکوێوە ڕاتکردووە بڕۆرەوە بۆئەوێ، بۆچ ئەم فەرموودەیەی قورئانتان نەبیستووە کەخوا لە ئایەتی شانزەهەمی سوورەتی ( الا نفال )دا دەفەرموێ:

"وَمَنْ يُوَلِّهِمْ يَوْمَئِذٍ دُبُرَهُ إِلَّا مُتَحَرِّفًا لِقِتَالٍ أَوْ مُتَحَيِّزًا إِلَى فِئَةٍ فَقَدْ بَاءَ بِغَضَبٍ مِنَ اللَّهِ وَمَأْوَاهُ جَهَنَّمُ وَبِئْسَ الْمَصِيرُ".

واتە: هەرکەس لەو ڕۆژەدا ـجەنگی ڕووبەڕوو لەگەڵ دووژمندا پشت هەڵبکات وهەڵبێت، جگە لەوەی بەتاکتیک هەڵدێت بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە سەردوژمن، و زیانی باشتریان لێ بدات، جگە لەوەش هەڵبێت بۆئەوەی بگات بەکۆمەڵێ موجاهیدی تردا و کەلێنێک نەهێڵێتەوە بۆ دوژمن، بێجگە لەم دوو جۆرە ڕاکردنە،هەرکەس لەڕۆژی جەنگ لەگەڵ کافراندا هەڵبێت، ئەوە بێگومان بەرغەزەبی خوا کەوتووە و جێگەی پاشە ڕۆژیشی دۆزەخە، و دۆزەخیش خراپترین جێگەیە..

ئافرەتە موسڵمانەکان زیاتر سەرزەنشی کەس و کارەکانیان دەکرد، و پێیان دەگوتن: چۆن قایل بوون هەڵبێن؟ لەترسی مردن لەبەر سوپای رۆمدا هەڵهاتن؟ خۆ لە هەرکوێ بێت دەبێت بمرن، ئیتر چۆن لەترسی مردن ڕاتان کرد؟!

چۆن پشتتان کردە پلەی بەرزی شەهیدی؟ خۆ ئێوە پەیمانی شەهیدبوونتان دابوو بە پێغەمبەر صلی ﷲ علیە وسلم؟!

ئەم سەرزەنشتانەیان دەکردن و دەرگایان لێ دادەخستن، بێ ئەوەی گوێ لەوەڵامەکانیان بگرن!!

ڕەبیعە گوتی: دایەگیان! وەنەبێ تەنیا لەلایەن ئافرەتانەوە ئەم سەرزەنشتە کرابن وبەس، بەڵکو لە ڕێگەوبانیشدا، ئەگەر موسڵمانان پێیان بگەیشتنایە، خۆڵیان بەسەروچاویانا دەکرد، و پێیان دەگوتن: ڕاکردوەکان! ئەوە لەڕێی خوادا هەڵاتن؟!

ئەو کڵۆڵانە چارەیەکیان نەدییەوە ئەوە نەبێ پەنابەرن بۆ پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم، ئەویش بە شەرمەزارییەکەوە..

دایکی گوتی: بەڵێ، کوڕی خۆم! ئەگەر پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم پشتگیری نەکردنایە، خۆ هیچکامێکیان نەیان دەوێرا تەماشای خەڵکی بکەن، و دەربکەون.. ئەوە بوو

ئەوانەی لەتەریقیدا ڕوویان نەبوو بێنە دەرەوە، پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم یەکە، یەکە ناردی بەشوێنیاندا و فەرمووی پێیان: ئێوە بەهەڵهاتوو ناژمێرێن، بەڵکو ئێوە لەڕێگەی خوادا چەند جارێکی تریش دەگەڕێنەوە و هێرش دەبەنەوە سەریان. بەم جۆرە هانی دان و پشتگیری کردن وورەی بەرزکردنەوە، فەڕووخ گوتی: دایکی ڕەبیعە! چی ترت گووت؟

دایکی ڕەبیعە گووتی: پیاوەکە ئیتر بەسە!!

فەڕووخ گوتی: ئەی نەتگوت: خۆ پێغەمبەریش صلى الله عليه وسلم نەماوە تاپێت بڵێت: "کڕار، واتە: زۆر هێرش بەر، وەڵاهی لەکەسی تریشەوە ئەو قسەیە نابیستیت؟

دایکی ڕەبیعە گوتی: بەڵێ، پیاوەکە من ئەوەم گوت..بەڵام نەمویست هەڕەشەت لێ بکەم.. بەڵکو ویستم عەزیمەتت بەهێز و گیانت پتەو، و ورەت بەرز بکەم.. تا ئیتر خەمی منت نەبێت، و بیرم لێ نەکەیتەوە، و یادکرنەوەی من نەبێتە پشت هەڵکردنت لە جیهاد..

فەڕووخ گوتی: خوا فەڕو بەرەکەت بخاتە تەمەنتەوە، دایکی ڕەبیعە، لەڕاستیدا هەروا بوو کەتۆ پێش بینیت کردبوو.. بە هەر کەژو کێوێکدا سەر بکەوتمایە،و بەهەر قەدپاڵێکدا بڕۆیشتمایە.. قسەکانی تۆم یاد دەکەوتەوە.. پاڵی پێوە دەنام و هانی دەدام بۆ ڕیزی پێشەوە.. لەو باوەڕەدام هەرچەندە تۆ لە ماڵەو دانیشتبوویت، بەڵام هاوبەشی من بویت لەو پاداشتەدا..

دایکی ڕەبیعە! بەو خودایە هەرگیز قسەکانتم لەیاد ناچنەوە، ئەها کەباسی جەعفەری ئامۆزای پێغەمبەرت بۆ دەکردم و دەتگوت: لەجەنگی"مۆتە"دا جەعفەری کوڕی ئەبوتالیب، ئاڵای موسڵمانانی بەدەستەوە بوو، شمشێرێکیان لەدەستی

ڕاستی دا، باڵیان قرتاند، بەدەستی چەپی ئاڵاکەی بەدەستەوە گرت، بەشمشێرێک دەستی چەپیشیان بڕی، ئەنجا بەهەردوو قۆڵی ئاڵاکەی بەسنگیەوە گرت و تا شەهید نەکرا نەیهێشت ئاڵاکە بکەوێتە سەرزەوی، خوا لێی ڕازی بێت، لەو کاتەدا تەمەنی سی وسێ ساڵان بوو، خوا پاداشتی بەدوو باڵ دایەوە لەبەهەشتدا، بۆ هەرکوێ ئارەزووی بێت پێیان دەفڕێ..

ماوەیەک باوکی رەبیعە بێدەنگ بوو، فرمێسک لەچاوەکانیا قەتیس بووبوو، ئەنجا گوتی: دایکی ڕەبیعە، خوا پاداشتت بداتەوە، ئافرەتێکی خاوەن بڕوای وەک تۆ، لەبڕبڕەی جوانی و گەنجیدا، خۆی و ژیانی ژن ومێردایەتی لەپێناو خوادا بەخت بکات، بێگومان خوا پاداشتی دەداتەوە.. هەرچەند دوو هەزار میل لەمەیدانی جەنگەوە دوور بوویت، بەڵام هاوبەشی من بویت لەجیهادا، و ئەوەش بزانە خوا پاداشتت بەزایە نادات..

ڕبیعە هەڵی دایەو گوتی: خوا چۆن پاداشتی بوک و زاوایەک بەزایە دەدات کەژیان و بەختەوەری خۆیانیان لەو سەرەتای ژیانەوە بەخوا فرۆشتوە؟ ئافرەتێکی تازەبووک، مێردی تازە زاوای بنێرێت بۆ جیهاد، بۆناوچەی خۆراسان و سەمەرقەندو بوخارا، چ جیهادێکیش؟ جیهادێک هەموو تەمەنی گەنجی تیا بباتە سەر، خۆشەویسترین شت لەژیانیدا تۆبیت، تۆیشی پێشکەش بەخوا کردووە، و ناردوێتی بۆ جیهاد وخەباتی چەکدارانە لەپێناوی خوادا..

دایکی ڕەبیعە چاوی پڕبوو لەفرمێسک و گوتی: وەڵڵاهی لەم هەموو ساڵانەی ڕابردوودا شانازیم پێوەکردووە، هەربەوەش دڵخۆشی خۆمم داوەتەوە و نەم هێشتووە دەروونم تاریکی تێ بکەوێت.. ڕەبیعە نەیهێشت فرمێسکی چاوی دایکی بکەوێتە

سەر گۆنای سەرزەنشتی کرد و گوتی: دایەگیان! تازە دەگریت؟ خۆ ئەوەتەی من بیرم بێت فرمێسکێکم لەچاوی تۆوە نەدیوە، تازە دەگریت؟!

دایکی ڕەبیعە گوتی: کوڕی خۆم، ئیتر توانای خۆگرتنم نەماوە و ناتوانم بەسەر خۆمدا زاڵ ببم، چونکە هەست دەکەم، ئەوئەرکەی لەسەر شانم بوو ئێستا نەماوە.. من هەوڵم دا تا بەهەموو هێزو تواناموە باوکت بنێرم بۆ جیهاد، لەخوا بەزیاد بێت، توانیم خۆگربم و لەسەر بەڵێن و پەیمانەکەی خۆم بمێنمەوە.. پاش ئەوە هەناسەیکی هەڵکێشا و گوتی: وائێستاش ئەرکی سەرشانم تەواو بووە، و باوکت هاتۆتەوە، تەمەنیشی لەدەور وبەری شەستایە.. ئەو پەردەیەی ئێش و ئازاری ئەو ماوە دوورو درێژەی داپۆشیبوو لاچووە و نەماوە..

لە گۆڕەپانی هەست و سۆزمدا شتێک نەماوە بەرگری لەهەستە شاراوەکانی دەروونم بکات، وائێستا وەک لافاو بەشیوەی فرمێسک دێتە دەر..

ئیتر توانای خۆگرتنم نەماوە، ئێش و ئازاری زۆرم چەشت، بەڵام لەقوڵایی دەروونمدا زیندە بەچاڵم کردن، و نەم دەهێشت بەهیچ جۆر دەربکەون.. ئیتر توانای شاردنەوەی ئەو شوێنەوارە گەورەیەم نییە کە ڕۆژگارێکی دوور و درێژ لەدەروونمدا دروستیکردووە..

هەر ئەوەم لەدەست دێت زنجیری دەست وپێی دەروونم بشکێنم و بەشێوەی سروشتی خۆی بەرەڵابێت و بگریم!!

بەڵێ، دەمەوێت بگریم..تەنیاگریان.. بابەدڵی خۆم تێر بگریم.. دایکی رەبیعە ئەوەندە گریا تاکەوتە هەنسکدان.. بەسۆزەوە باوکی ڕەبیعە سەری خستە باوەشیەوە،و لێزمەی فرمێسک

سەرسنگی فەڕوخی تەڕکرد، ڕەبیعە چەواشە ببوو، نەیدەزانی چی بکات و چی بڵێت، و لەکوێوە دەست پێبکات؟! هیچی بۆ نەمایەوە هاوبەشیکردن نەبێت.. ئەویش وەک ئەوان دەستی بەگریان کرد!!

# ١٠

کوڕەکە، ماوەیەک لەسەرخۆ چاوەڕوانی کرد، تا کاتێکی گونجاوی بۆ هەڵکەوت بەئەدەبێکەوە داوای لەدایکی کرد! بەئارامی و خۆگرتن خۆی ئارایشت بکات هەروەک لەمەوبەر.. و ئەوبیرە هیچ و پووچانە لەسەرخۆی دەربکات و بڕوات بخەوێت، و پشوو بدات.. چونکە بەرەبەیان نزیک بوەتەوە.. ئەنجا هەموویان هەڵسان و هەریەکە بۆ جێگەی خۆی.. هەریەکە سەری کردە سەر بالێف"سەرین"ی خۆی، و وایدەزانی تەنیا ئەم خەوی لێزڕاوە،و خەوی لێ ناکەوێت.. هەقیان بوو نەخەون.. چونکە هەریەکەیان هەزارەها بیرو خەیاڵ بەسەریا دەهات، دەیهێنا و دەیبرد تابگاتە ئەنجامێک..

# ١١

دایکەکە ڕۆیشتە سەرجێگەو بیری لەشتێک دەکردەوە، کەوەک پاڵەوانێک لەگۆڕەپانی هەستیدا پەیدابوو بوو، ئەوەهات بەبیریدا بەیانی فەڕووخ پرسیارم لێ دەکات و دەڵێت: ئەو ماڵ و سامانەی بۆم بەجێ هێشتیت چیت لێکرد؟

پێش ئەوەی بڕۆم بۆ جیهاد سیی هەزار(30,000) دینارم بۆ جێ هێشتیت، ماوە, یان نە؟؟

ئەی من چۆن وەڵامی بدەمەوە و چی بڵێم؟؟

ئایا پێی بڵێم: دزراوە؟ ئەی بڵێم: بازرگانیم پێوە کردووە و زیانی کردووە؟..هەرگیز شتی واناڵێم چونکە تا ئێستا درۆم نەکردووە..

ئەی بڵێم: خەرجم کردووە بۆخۆم و تاقە منداڵەکەم؟ شتی وایش ناچێتە عەقڵەوە، تەنیا دایک و کوڕێک، ئەو ئەندازە زۆرە خەرج بکەن.. مەگەر دەست بڵاو و ماڵ کاولکەر بووبن.. ئەی ئەگەر ڕاستەقینەی پێ بڵێم تۆ بڵێیت ڕازی ببێت ؟! بڵێم: لەپێناوی زانیاری و فێربوونی زانست بۆ کوڕەکەم خەرجم کردووە.. ئەو ئەندازە فراوان و زۆرەم بەبەخشش بە مامۆستاکانی کوڕەکەم داوە.. ئەو مامۆستا بەناوبانگانەی من هەڵم بژاردوون، دیاری و بەخششی زۆرم بۆ ناردوون، تا زیاتر و باشتر، بایەخ بە فێرکردنی کوڕەکەم بدەن ..

بێگومان فەڕووخ بەم کارەی من قایل نابێت.. من واپێی لێ هەڵبڕم و بەم دەست و بەو دەست ئەو پارە زۆرە پەرش و بڵاو بکەمەوە، چونکە هیچ کەسێک بۆ فێربوونی منداڵی شتی وای نەکردوە، وئەوەندە پارەی زۆری تێدا خەرج نەکردووە!! کەوابوو چی بکەم، و بەچی وەڵامی بدەمەوە؟؟

بەو جۆرە ئەو دایکە بەستەزمانە لەشکری پرسیار و وەڵام هێرشی بۆ بیر وهۆشی دەهێنا ..

هەروەڵامێک بەخەیاڵیا بهاتایە و لەقەناعەتەوە نزیک بوایە، خێرا کەلەبەرێکی کوشندەی تێ دەکەوت و وازی لێ دەهێنا .. سەرگەردان بووبوو، نەیدەزانی چی بکات ؟

هەر وەڵامێکی دەدۆزیەوە، لەئەنجامدا ناتەواویەکی تیا دەدۆزیەوە .. سەرلەنوێ ڕیسەکەی دەبوەوە بەخوری، ئەمە حاڵی بوو، تا شەبەقی دا و بانگوێژ گوتی: الله اکبر ..الله اکبر.. لەجێگەی خۆی ڕاپەڕی بێ ئەوەی وەڵامێکی وەرگرتبێت !!

# ١٢

کاتێ باوکەکەش سەری کردە سەربالێفەکەی، هەستی کرد لەبارەی جیهادەوە ئەرکی گەورەی سەرشانی بەجێهێناوە.. ئەوەتە پێی ناوەتە شەستساڵیەوە. ئەوە ماوە پشووبدات و بەو سامانەی هەیبووە و جێی هێشتووە سەرەتەقەیەک بکات..

چونکە ئەم بایەخی نەدەدا بەدەستکەوتی جەنگی، هەر دەستکەوتێکیان ببوایە نەیدەویست.. پێویستی بەسامان هێنانەوە نەبوو.. چونکە لەڕاستیدا ئەم بۆ ماڵی دنیا نەڕۆیشتبوو، بەڵکو تەنیا بۆ ڕەزامەندی خودا ڕۆیشتبوو.. تا ئەرکی سەرشانی بەجێ بێنێت، لە هەڵگرتنی مەشخەڵی ڕزگاریدا بۆئەو گەل و نەتەوە ستەم لێکراوانەی تر.. و ئەو ناوچانە بەتیشکی ئیسلام ڕووناک بکەنەوە و ئاڵای "لااله الا لله" بە رز و شەکاوە رابگرن.. و سوپاس بۆ خوا ئەم ئەرکەیشی بەجوانترین شێوە بەجێ هێنا، و ئەم ڕۆیش دەیەوێت بەو پارەو سامانەی کەلای خێزانی داینابوو کاسبییەک بکات ..

ئەوەندەی بەسە کە لەڕۆیشتنەکەیدا ڕەزامەندی خوانەبێ هیچی تری نەهێناوەتەوە، ئەمەش تەنیا مەبەستی ئەو بووە.. فەڕووخ ئاواتە خوازبوو تەنیا پرسیارێک لەخێزانی بکات، و بڵێت:

ئەو پارە و سامانەی بۆی بەجێهێشتووە چی ماوەتەوە ؟ تا دڵنیا ببێت و بزانێت چی پێبکات ؟

خۆ ئەم شەو نەیتوانی ئەو پرسیارە بکات، سۆز و هەستی بلێسەداری خێزانەکە، نەزۆر و نەکەم، نەیهێشت لەو بارەوە هیچ حاڵی ببێت.. لەم بیرکردنەوەیەدا بوو، لەدڵی خۆیدا دەیگوت: تۆ بڵێی ئەو ماڵ وسامانە هیچی لێ مابێتەوە؟ ئایا نیوەی خەرج کردبێت؟ نا، بڕوا ناکەم دایکی ڕەبیعە ئافرەتێکی لێ زان و تێگەیشتوە، ناچێتەعەقڵەوە، ئەوەندە دەست بڵاوو بووبێت؟ لەوانەیە چوار یەک یاهەشت یەکێکی خەرج کردبێت، هێشتا ئەو ئەندازەش زۆرە، لەوانەیە کەمێکی زۆر کەمی لێ خەرج کردبێت، چونکە لەم ماوەیەدا ڕەبیعە کاری پێوە کردووە، و قازانج وسوودی لێ دەست کەوتووە**!!** بەم هەمووخەیاڵ و لێکدانەوە وپرسیارکردنە لەمێشکی خۆیدا خەڕۆبوو، تا بانگوێژ گوتی: الله اکبر..الله اکبر. لەجێگەکەی هەستاو چاوەڕوانی دەرفەتێکی دەکرد، تا پرسیار بکات و دڵنیا ببێت .

# ١٣

کوڕەکەیش، ئەو شەوە ڕووە و قیبلە دانیشت، و سوجدەی شوکر و سوپاسی بۆ پەروەردگار دەبرد، کە باوکی بەبێوەی هاتۆتەوە، وخوای لەخۆی ڕازی کردەوە، و بۆنی بەهەشتی کردووە.. ڕەبیعە لەسوپاسگوزاریدا تەوێڵی خۆی دەنایە سەر خاک بۆ خودا، کەئەم بەشە گەورەیەی پێ بەخشیوە.. لەسوجدە بردن و ڕازونیاز کردن لەگەڵ پەروەردگاریا ڕۆ چوو بوو، خوڕ خوڕ فرمێسک لەچاوی دەهاتە خوار، تاخۆڵی

ژێر تەوێڵی بوو بەقوڕ، زمانی لە سوپاسگوزاری خوادا زەبوون بوو، نەیدەتوانی بەوجۆرەی کە پێویستە سوپاسی خوا تەواو بکات.. لەم ڕۆچون و ڕازو نیازەدا هەڵنەستا، تاگوێی لە بانگوێژەوە بوو دەیگوت: الله اکبر..الله اکبر..

خیرا خۆی گورج کردەوە،و بەرەو مزگەوت کەوتە ڕێ، بەڵکو تابانگ تەواو نەبووە بگاتە مزگەوت..

بەبێ چرپە هەستا بۆ ئەوەی باوک و دایکی بەم زووە خەبەریان نەبێتەوە، چونکە ئەمشەو زۆر هیلاک و ماندوو بووبوون!! نەیدەزانی ئەوان خەو نەچۆتە چاویان و لەپێش ئەمدا بۆ نوێژ هەستاون !!

# ١٤

بەڵێ، کوڕ چاوەڕوانی باوکی نەکرد و ڕۆیشت بۆ مزگەوت، باوکیش ئەمەی بەهەل زانی بۆ پرسیارەکەی، کەس لەماڵ نییە، تەنیا خۆی و خێزانی نەبێت، بەڵام بیری لەوە دەکردەوە چۆن ڕێ بۆ ئەم پرسیارە خۆش بکات ؟!

دایکی ڕەبیعەش لەو پرسیارە دەترسا، چونکە نەیدەزانی چۆن قایلی بکات، بۆیە بەمێردەکەی گوت: پیاوەکە! خێرابە، بافریای جەماعەتەکەت بکەویت و"الله اکبر"ی نوێژ دابەستنت لەکیس نەچێت، لەمێژە نوێژت لەمزگەوتەکەی پێغەمبەردا صلی الله علیه وسلم نەکردووە، بیست و هەشت ساڵ زیاترە، کەهاتویتەوە ناوشاری مەدینە ئەو خێرە گەورەیە بەزایە مەدە، هەروەک دەزانیت: نوێژلە مزگەوتی پێغەمبەردا صلی الله علیه وسلم بەئەندازەی هەزار نوێژی ماڵەوە خێری هەیە..

باوکی ڕەبیعە لە خۆ گورج کردنەوەدا سستی دەکرد، هەرچی پێویست بوو خێزانەکەی بۆی ئامادەکرد و داوای هەرچی بکردایە، بەپەلە بۆی دەهێنا..

خێزانەکەی خوا خوای بوو ماوەیەک پرسیارەکەی دوا بکەوێت، تا بیربکاتەوە و وەڵامێکی وا بدۆزێتەوە، قەناعەت بە فەڕووخ بکات..

فەڕووخیش خواخوای بوو سەعاتێک زووتر ئەو پرسیارە بکات تا دڵنیا بێت. بەڵام هەستی کرد پێش ئەوەی پرسیارەکەی بکات ناچارە بچێت بۆ مزگەوت، و بەڵام گورج پەشیمان بووەو گوتی: لەم کاتە باشتر هەلم بۆ هەڵناکەوێت، چونکە لەمەولا میوانمان دەبێت، و دۆست و ناسراو بۆ بەخێرهاتنەوە دێن، و سەرمان قەرەباڵخ دەبێت، ئیش و کارمان زۆر دەبێت و بەسەر یەکدا دەکەوێت، تاکەی من لەم بیرکردنەوەیەدا بژیم؟!

بۆیە بڕیاری دا خۆی ڕزگار بکات لەم ووتوو ویرەیەی دڵی و ئاوڕێکی دایەوە بەلای خێزانییەوە و گوتی: ئافرەت! پەلەم لێ مەکە بۆ مزگەوت، چونکە ئەو خێرە گەورەیە لەکیس نادەم هەردەچم بۆ مزگەوت.. بەڵام دەمەوێت .

خێزانەکەی هەستی بەمەبەستەکەی فەڕووخ کرد، لە بەرئەوە هەندێ شڵەژاوی ڕووی تێکرد، ماوەیەک ڕۆیشتە جیهانی خەیاڵ و بیرکردنەوە و نەیدەزانی چ وەڵامێکی بداتەوە ؟!

چەندەها وێنە و دیمەنی سەیر، سەیری دەهاتە پێشچاو ئەگەر پاڵی بەدیوارەکەوە نەدایە لەوانە بوو بکەوتایە ..

بەڵام وادیاربوو فەڕووخ خۆی ئامادە کردبوو تا پرسیارەکەی تەواو بکات، چونکە نەیدەزانی خێزانی چی بەسەر هاتووە؟

بۆیە گوتی: دایکی ڕەبیعە! دەمەوێت پرسیارێک بکەم، دڵنیام بکە، خوا دڵنیات بکات: ئەو پارەو سامانەی پێش ئەوەی بڕۆم بۆم بەجێ هێشتیت چیت پێکردوە ؟ ماوە، یان نە؟؟

دایکی ڕەبیعە، لەکاتێکی ناهەمواردا بەرەو ڕووی پرسیارێکی ناهەموار بووەوە.. ویستی وەڵامەکەی هەڵبگرێت بۆ کاتێکی لەبار، تا بتوانێت مێردەکەی ئامادە بکات بۆ قایلبوون بەو وەڵامەی، بەڵام ئەم پرسیارە ناهەموارە وەڵامێکی کورتی بەسە، پێویست بە دواخستن ناکات، چونکە وەڵامەکە بریتیە لە وشەیەک: ماوە، یان، نەماوە.. بۆیە ئەمیش وەڵامی یەکەمیانی هەڵبژارد،بەو هیوایە هەلێکی وای بۆ هەڵبکەوێت قانیعی بکات.. بۆیە گوتی: بەڵێ،(ماڵ وسامانەکەت ماوە ولای منە) وایزانی مێردەکەی بەم قسەیە واز دێنێ و دەڕوات بۆ مزگەوت ..

بەڵام ئەم قسەیە هەروا سادە نەبوو، چونکە خۆشی و شادییەکی خستە دڵی فەڕووخەوە، لەوانەیە ئەو هەزارەها ئاشی لێ بنێتەوە، و داهاتووی خۆی لەسەر ئەو بناغەیە ڕەنگ بڕێژێت..

بۆیە فەڕووخ سوپاسێکی فراوانی خوای کرد..

ئەنجا دایکی ڕەبیعە گوتی: پیاوەکە نوێژەکەت..نوێژ.. لەوانەیە فریای جەماعەت نەکەویت؟ خۆ کاتی خۆی تەنیا یەک نوێژ لەجەماعەت دوا نەدەکەوتیت؟ بەتایبەت لەمزگەوتی پێغەمبەردا صلى الله عليه وسلم فریاکەوە تا بەجەماعەتەکەدا بگەیت..

فەڕووخ، ئیتر بەپێویستی نەزانی قسەیەکی تر بکات، بۆیە بەرەو مزگەوت کەوتە ڕێ، ئەوەندە گوێی لەخێزانەکەیەوە

بوو کە دەیگوت: باوکی ڕەبیعە، دڵنیابە ماڵەکەت بەزایە نە چووە، لەبارەی سامانەکەتەوە دڵئاسوودە بە، شاردوومەتەوە، ئێستا بەم ئاسانییە ناتوانم پیشانتی بدەم..

فەڕووخ ڕۆیشت بۆ نوێژەکەی و دایکی ڕەبیعەیش دەرگاکەی لەسەر خۆی داخست، دەستنوێژی گرت و نوێژەکەی کرد، پاش ئەوە کەوتە دەریایەکی بێ بنی خەیاڵ و بیرکردنەوە، شەپۆلی دەریای بێ ئامانی خەیاڵ هەرجارە بەلایەکدا دەیبرد و دەیهێنا، تاوێک بەلای ڕاستدا و تاوێک بەلای چەپدا، نەیدەزانی چ وەڵامێکی بداتەوە و دڵنیای بکات.. جارجار سەرزەنشتی خۆی دەکرد کە بۆچ گوتویەتی: ماڵەکەی ماوە؟ هەندێک جاریش بەوە خۆی قایل دەکرد: کە لەو کاتە ناهەموارەدا نەیدەتوانی لەوە باشتر وەڵامێکی بداتەوە.

بیرەووری کردی بەباڵیاو پەلی گرت و لەگەڵ خۆیا بردی.. کە لەکاتی خۆیدا بەرامبەر بەم منداڵەی کەباوکی خۆی نەدیوە، چۆن خۆی بەلێپرسراو زانیوە، و چۆن بەئەرکی سەرشانی خۆی زانیوە بینێرێتە بەر خوێندن، و زانایەکی ناوداری لێ دروست بکات، و بۆئەم مەبەستەش باشترین مامۆستای بۆ بدۆزێتەوە، ولەپوڵ و پارە چاوی نەترسێت، و بێ ژمارە بۆی خەرج بکات.. ئەو کاتە بیری لەوە نەدەکردەوە ڕۆژێک لەڕۆژان، مێردەکەی دێتەوە، و لەبارەی نەختینەکەیەوە پرسیاری لێ دەکات: بۆچ کاری واتکردوە؟ چ وەڵامێکی بداتەوە؟؟

بیرێکی تر هات بەخەیاڵیدا، و خۆی بەخۆی دەگوت: ئەوەی پێویست بێت کردووتە.

وەک دروستکردنی ئاو وهەوای لەباری زانیاری بۆ کوڕەکەت، و هەوڵت داوە بۆ بەدیهێنانی هیوای گەورەی

خۆت لەم ژیانەدا: ئەویش ئەوە بوو کوڕەکەت ببینیت خەریکی زانست و فێربوونی زانیارییە، فەرمانی پێغەمبەرت صلی الله علیه وسلم بەجێهێناوە کە فەرموویەتی : "... هەوڵدان بۆ زانیاری پێویستە لەسەر هەموو موسڵمانێک" ..

هەروەها خەیاڵێکی تری کرد و بەخۆی گوت: بۆ بەرز کردنەوەی پلەو پایەی کوڕەکەت لەلای خوا، تۆ هەوڵت داوە، تۆ کارێکی وات کردووە فریشتەکانی ئاسمان باڵیانی بۆ ڕابخەن.. هەروەها ڕێگەی بەهەشتت بۆخۆش و ئاسان کردووە، چ پلەو پایەیەک لەوە بەرزترە؟ ئەوی لەئاسمانان و زەویدایە داوای لێخۆشبوونی بۆدەکەن؟ بگرە نەهەنگی دەریاکانیش داوای لێخۆشبوونی بۆ دەکەن، و ڕێزی زانا بەسەر عابیدا، وەک ڕێزی مانگ بەسەر ئەستێرەکاندا وایە، و زانایان میراتگری پێغەمبەرانن، چونکە پێغەمبەران دینار و درەمیان جێ نەهێشتووە، تەنیا زانیاریان لەپاش جێماوە، کەسێک دەستی بداتێ، بەشێکی زۆری دەست دەکەوێت..

ئایا چ پلەوپایەیەک لەم پلەو پایەیە بەرزترە؟ کەتۆ بۆکوڕەکەتت بەدیهێناوە؟ ئەنجا تۆش ئەم سامانەت لەبەجێ هێنانی فەرمانی خواو پێغەمبەری خوادا صلی الله علیه وسلم، خەرج کردووە.. بەو هیوایەی کوڕەکەت بەرزترین پلەی دەست بکەوێت..

پاشان لەخەزێنەی بیرەوریدا ڕوداوێکی بیرکەوتەوە کەبیستبووی: " جارێکیان لەناو بازاڕی مەدینەدا ئەبوهورەیرە دەوەستێ و بەدەنگی بەرز هاوار دەکات و دەڵێت: خەڵکی بازاڕ!خەڵکی بازاڕ! کەلەدەوریدا کۆدەبنەوە پێیان دەڵێت: ئەوە بۆ هیچتان لێ نایەت؟

بۆ ئەوەندە لێ نەهاتوون؟..

گوتیان: بۆ، چی بووه؟

گوتی میراتی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم بەش دەکەن، و ئێوەش لێرە دانیشتوون.. بۆ نارۆن بەشی خۆتان بەدەست بێنن؟؟

گوتیان لەکوێ؟

گوتی: لەمزگەوت..

بەپەلە ڕۆیشتن.. ئەبوهورەیرە لەوناوەدا وەستا، کە گەڕانەوە پێی گوتن: کوا، دەڵێی هیچتان وەرنەگرت؟

گوتیان: ئێمە ڕۆیشتینە مزگەوت و هیچمان نەبینی بەشی بکەن..

گوتی: لەمزگەوتدا کەستان نەبینی؟

گوتیان: بەڵێ، کۆمەڵێکمان بینی نوێژیان دەکرد، کۆمەڵێکی تر قورئانیان دەخوێند.. کۆمەڵێکیش دەرسیان دەخوێند و باسی حەڵاڵ و حەرامیان دەکرد..

گوتی: دایک ڕۆڵە ڕۆتان بۆنەکات: ئەوە میراتەکەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم بوو".

دایکی ڕەبیعە ئەم قسەیەی ئەبوهورەیرەی لەبەرخۆیەوە دوپات دەکردەوە، و دەیگوت: دایک ڕۆڵەڕۆتان بۆ نەکات ئەوە میراتەکەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم بوو..

ئەنجا خۆی بەخۆی دەگوت: زانیاری چاترە لەسامان، خۆ ئەمەش قسەی من نییە قسەی ئیمامی عەلی یە خوالێی ڕازی بێت کە فەرمووی بە کومەیل (كميل): " کومەیل! زانیاری چاترە لەسامان، زانیاری پارێزگاری تۆ دەکات.. بەڵام تۆ

پارێزگاری سامان دەکەیت.. زانیاری حاکمەو سامان حوکم دراوە.. سامان ئەگەر خەرجی بکەیت کەم دەبێتەوە.. بەڵام زانیاری تا لێی هەڵێنجێنیت پتر دەبێت.."

لەجیهانی خەیاڵدا وەڵامی ئیمام عەلی دایەوە و گوتی: من کوڕەکەم فێری زانست و زانیاری کردووە و هەرچی ماڵ و سامانێکم بوو لەو پێناوەدا بۆم خەرج کرد.. تا بوو بەو زانایەی لەوڵاتدا بێ وێنەیە..

لەخەیاڵیدا وەک ئیمام عەلی پێی بڵێت: خوشکی خۆم! کارێکی باش و چاکت کردووە، چونکە " زانا لە ڕۆژوگری شەو نوێژکەری موجاهید گەورەترە".. ئیمام عەلی لەپێشچاوی خەیاڵیدا نەما.. ئەمیش دای لەشەقەی باڵ و گەڕایەوە بۆ جیهانی واقیع..

لەگەڵ گەڕانەوەیدا بۆ جیهانی واقیع پەڵەهەوری چڵکنی بیم وترس لەئاسمانی دەروونیدا ڕەویەوە.. ئەو ترسەی نەما کە لەئەنجامی خەرجکردنی سامانی مێردەکەیدا بۆی پەیدا بووبوو، چونکە گەیشتە ئەو قەناعەتە، کەکارێکی ناپەسەندی نەکردووە، بەڵکو ئەو کارەی ئەم کردوویە جێگەی سوپاس و ستایشە..

ئەوەی پشتگیری ئەمی دەکرد، بەسەرهاتی بازرگانێکی موسڵمان بوو: " ئەم بازرگانە کوڕەکەی ناردبووە بەر خوێندن، کاتێک سوورەتی فاتیحەی لەبەر کردبوو، هەزار درەمی ناردبوو بۆ مامۆستای کوڕەکەی، مامۆستاکە لەم بەخششە زۆرە سەری سوڕ دەمێنێت! و دەڵێت: من چیم کردووە تا ئەوەم بۆبنێرێت؟! باوکی کوڕەکە، مامۆستا بانگ دەکات و مەعزەرەتی بۆ دێنێتەوە، و دەڵێت: ئەو ئەندازە بەکەم مەزانە، کە کوڕەکەمت فێرکردووە، وەڵڵاهی ئەگەر لەو

کاتەدا زیاترم لابوایە، لەبەر ڕێزو گەورەیی قورئان، زیاترم بۆ دەناردیت.."

دایکی ڕەبیعە ئەم ڕووداوەی بەراوردکرد لەگەڵ ڕوداوەکەی لای خۆیدا، لەم بەراوردییەدا بۆی دەرکەوت کەخۆی زۆر درێغی کردووە، بەتایبەت کوڕەکەی بووەتە زانایەکی ناودارو پایەبەرز، ئەمە بەسە بۆ پایەبەرزی ئەو، کە مامۆستای ئیمامی مالیکە.. ئایا ئەم کوڕە زانایەی باشتر نییە لە(٣٠) سی هەزار دینارەکە؟ نەختینەو ماڵ و دارایی لەناو دەچن، بەڵام زانیاری پایەدارەو هەرگیز لەناو ناچێت..

# ١٥

گوتمان: فەڕووخ کە لەماڵ هاتەدەر دواکەوتبوو لەبەرئەوە هەنگاوی گەورەی دەنا، تاپێش دابەستنی نوێژی جەماعەت بگاتە مزگەوت!!

نەگەیشت بەڕیزی یەکەم ودوووەمدا، بەڵکو لەڕیزی هەرە دواوە جێگەی بووەوە.. بەجەماعەت نوێژی کرد پاش نوێژەکە زۆری نەخایاند بەخەیاڵ سەفەرێکی دوور ودرێژی کرد، و گەڕایەوە بۆ بیست و نۆساڵ لەمەوبەر، ئەو کاتەی کەدەهات بۆ نوێژی جەماعەت و هەمیشە ئامادەی ڕیزی یەکەم دەبوو لەم مزگەوتەی پێغەمبەردا صلى الله عليه وسلم ..

خەیاڵ دووری خستەوە و بردی بۆ ئەو ڕۆژگارانەی کەپڕ لەیادگاری خۆش و جوان بوون..

لاپەڕەیەکی ڕۆژگاری ژیانی خۆی پێش چاوکەوت لەکتێبی بیرەوەریەکەیدا کەبیست و نۆساڵ لەمەو بەر نووسرابوو..ئەو

ڕۆژەی کە لەپەنای حوجرەکەی پێغەمبەردا صلی اللهعلیه وسلم وەستابوو،و نیازی ژنهێنانی هەبوو، ئەم ووتو وێژەی لەگەڵ گیانی پاکی پێغەمبەردا کردو گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا صلی علیه وسلم! دایک وباوکم بەقوربانت بن، ئەگەر فەرمانت بەگەنجان نەکردایە بۆ ژنهێنان، من هەربیرم لێ نەدەکردەوە... بەڵام چۆن دەتوانم سەر پێچی لەفەرمانی تۆ بکەم کەدە فەرمویت:" ئەی کۆمەڵی لاوان! ئەوەی لەئێوە توانای ژن هێنانی هەیە باژن بێنێت، چونکە ژنهێنان لەگوناه دەیپارێزێت.." ئەی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم! تۆ فەرمووتە: سێ کەس خوا یارمەتیان دەدات ..بەڵکو فەرمووتە: " سێ کەس یارمەتی دانیان حەققە بەسەر خوداوە: ئەو مرۆڤەی ستەمی ستەمکاران ئازادییان لێ زەوت کردوە و دەیەوێت ئازادی خۆی بەدەست بێنێتەوە، و ئەوگەنجەی دەیەوێت خۆی لەگوناه بپارێزێت و ژن بێنێت، و ئەو موجاهیدەی لەپێناوی خوادا دەجەنگێ .."

ئیتر من چۆن پشت دەکەمە یارمەتی پەروەردگار؟ گیانم بەقوربانت بێت، ئەی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم! بۆ ئەو ڕێنۆینیانەی بەموسوڵمانانت گەیاندوە، و فەرمووتە:" ئەگەر بەندەیەکی خوا: لاوێکی موسوڵمان، ژنی هێنا ئەوە نیوەی ئاینەکەی تەواو کردەوە، لەو نیوەکەی تریدا لەخوا بترسێت و خۆی بپارێزێت.." خوا لەبیاتی ئێمەپاداشتت بداتەوە ئەی پێغەمبەری خوا صلی لله علیه وسلم! دامەزراندنی خێزانێکی موسڵمان و خۆپاراستن لە شەرواڵ پیسی، ئەم دروستکردن وخۆ پاراستنەت بەنیوەی ئاین داناوە.. با ئەو نیوەکەش بەکردەوەی چاک وپاک تەواو بکات..

ئەو ئایەتانەی قورئان چەندە بەرزن کە لەپەروەردگارەوە بەئێمەت ناساندن، ئەم ئایەتانە چەند بەجوانی وەسفی بەختیاری و کامەرانی ژن و مێرد دەکات کە دە فەرموێ:

" هُنَّ لِبَاسٌ لَكُمْ وَأَنْتُمْ لِبَاسٌ لَهُنَّ.."

واتە: خێزانەکانتان بۆ ئێوە بەرگ و پۆشاکن و ئێوەش بۆ ئەوان بەرگ وپۆشاکن..

ئەم چەند وشەیە وێنەیەکی قەشەنگی بەجوانترین وێنە بۆ کێشاوین لەو پەیوەندییەی گیان و لەشدا.. چونکە بەرگ گرنگترین شتە بۆ داپۆشینی لەشی ئادەمیزاد، بەتایبەت کەبەبەری خۆی بڕاو و دوراوبێت و بێ زیادو کەم بێت.. پیاو ئافرەت ژن و مێرد، لەهەموو شتێک زیاتر پێکەوە لکاون، و کەپێک دەگەن یەک لەش و یەک گیانن، هەر یەکەیان لەوی تریانا دەتوێتەوە، سنورێکی دیاریکراویان بۆ نییە، پەیوەندی پتەوی نێوانیان لەپەیوەندی نێوان بەرگ و لەش دەچێت و بگرە زیاتریش.. هەردووکیان بۆیەکتر، هەریەکەیان دەیەوێت پارێزگاری لەشەرەف و ماڵ و نهێنی ئەوی تریان بکات.. و هەریەکەیان پارێزگاری ئەوی تریان دەکات و نایەڵێت توشی گوناە و داوێنپیسی ببێت.. چونکە پۆشاک لەش لەسەر ماو گەرما دەپارێزێت، چون بەپێی ئەندازەی لەش دەکرێت خاوەنەکەی پێ ئاسودە دەبێت و دەحەوێتەوە، و جەماڵ و جوانییەکیش بۆ پۆشەر بەدی دێنێت، و شادمانی دەکات، ژن و مێردیش هەمان ئاسوودەیی و جوانی و حەوانەوەو شادمانی بۆ یەکتر بەدیدێنن..

هەروەها فەڕووخ ئەو کاتەی هاتەوە یاد کە بیست و نۆ ساڵ لەمەو پێش لەبەردەم بێشکەی گۆڕی پاکی پێغەمبەردا صلی الله علیه وسلم وەستابوو دەیگوت: بێگومان ڕێبازەکەت

بەختەوەری بۆمرۆڤایەتی دابین دەکات، ئەگەر پشتی تێنەکەن و لێی لا نەدەن .. ئەو ترازوانەی لەسەردەمی نەفامیدا نرخی ئافرەتیان پێ هەڵدەسەنگێنرا، هەموویانت گڵۆڵەکرد و فڕێت دانە پشت کەنووەوە، و باویان نەما، لەترازوی ئیسلامدا نرخ و ڕێزی ئافرەت بەپارەو سامان، یابنەماڵە، یا بەجوانییەوە نییە، بەڵکو ڕێزی ئافرەت بەپێی بیروباوەڕەکەیەتی، چەند پەیامدار و لەخواترس بێت، ئەوەندە قورس وسەنگین دەبێت.

ئەی پێغەمبەری خوا- صلی الله علیه وسلم- بڕیار بێت ژن هێنانەکەم بەپێی ڕێنموونییەکەی تۆ بێت..

ئەو ئافرەتەی داوای دەکەم و دەمەوێت بیخوازم، لەبەر خاتری سامان و بنەماڵە و جوانی نەبێت، دەبێت تەنیا لەبەر ئەوەبێت کەئافرەتێکی لەخوا ترس و بەدین و پەیامدارە، خۆ ئەگەر لەگەڵ بڕوای پتەو و پەیامدار بوونیدا ئەو سیفەتانەی تریشی هەبوو ئەوە چاتر و باشترە..

من دەمەوێت خێزانەکەم و هاوبەشی ژینم بەئاین بێت.. ئەگەر سەرنجم دا شادمانم بکات.. و ئەگەر لێی دوورکەوتمەوە پارێزگاری لەماڵ و شەرەفم بکات.. لەو بڕوایەدام لەپاش تەقوای خوا ئافرەتی بەدین باشترین بەهرەیە.. ئەوە نییە، ئەی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم خۆت فەرمووتە:"پیاوی خاوەن باوەڕ هیچ سودێکی نەکردووە- پاش تەقوای خوا چاتر بێت لە خێزانی موسڵمان و بەدین، ئەو خێزانەی کەمێردەکەی شتێکی پێگوت، گوێ ڕایەڵی دەکات، ئەگەر تەماشای کرد شادمانی دەکات، ئەگەر داوای هەر شتێکی کرد بۆی جێبەجێ دەکات، و ئەگەر لێی دوورکەوتەوە ماڵ و شەرەفی دەپارێزێت.."

ئەی خۆشەویستی خوا! سڵاوی خوات لێ بێت، دەمەوێت خێزانەکەم شیاوی ئەوە بێت ببێتە دایکی منداڵم، بەشیری

ئیسلام و خۆشەویستی خوا و پێغەمبەرەکەی، پەروەردەیان بکات، لەسەر بەرنامەی ئیسلام پێیان بگەیەنێت و فێری کردەوەی چاک و ڕەوشتی بەرزیان بکات، تاببنە خشتێکی پتەو لەدیواری قەڵای گەورەی ئیسلامدا، و ببنە هەڵگری مەشخەڵی ئازادی و بڵاوکردنەوەی یەکسانی و دادگەری و یەکتاپەرستی لەڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای زەویدا، و ببنە سەربازێکی گیان فیدای ئیسلام ..

ئالەویادا فەڕووخ ئەوەی یادکەوتەوە کە لە حوجرەکەی پێغەمبەردا صلی الله علیە وسلم دەستی بەرزکردەوە وگوتی: خودایە! لەپەنای گۆڕی پیرۆزی پێغەمبەردا لێت دەپاڕێمەوە: ئەگەر ئەم ژنهێنانەم خێری دنیاو پاشەڕۆژمی تێدایە بۆم ڕێک بخەیت، و بۆم ئاسان بکەیت، و ئەگەر شەڕو بەد بەختیشی تێدایە بۆ ژیانی دنیاو پاشە ڕۆژم، خودایە، بۆم نەبێت ولێم لادەیت، چی باشە ئەوەم بۆم ئاسان بکەیت..

# ١٦

فەڕووخ لەوماوەی بیرکردنەوەدا، ئەو هەموو بیرەوەری و یادگاری و دیمەنانەی بیست ونۆساڵ لەمەپێشی هاتە پێشچاو، کە سەری هەڵبڕی خەڵکێکی زۆری بینی، لە خەڵکی هەمە جۆری مەدینە ئەڵقەیەکی گەورە پێک هاتبوو، لە خوێنەوار،و زانایان، هەموو خەڵکەکە گوێیان لەو زانایە ڕاگرتووە کە فەرموودەی پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم ی بۆباس دەکردن، هەموویان بەئەدەبەوە گوێیان ڕاگرتبوو،چاوی بەو خەڵکەدا دەگێڕا کە دەوری مامۆستای زاناو پایەبەرزیان دابوو، وەک، ئەوەی بەشوێن کوڕەکەی خۆیا بگەڕێت تابزانێت ئایا ئەویش

لەناو کۆڕەکەدایە؟! وادەردەکەوێت کە کوڕەکەی خۆی تیا بەدی نەکرێت.. دانیشتوانی کۆڕەکە زۆربوون.. مامۆستاش مێزەرەکەی هاتبووە سەر تەوێڵی لەبەر ئەوە بەجوانی بۆی دەرنەکەوت و نەیزانی کێیەو کێ نییە؟!...

زۆری پێ ناخۆش بوو سەروپێچە ئاڵۆز کراوەکەی مامۆستا بووەتە هۆی ئەوە نەیناسێتەوە.. لەدڵی خۆیدا دەیگوت: ڕەنگە مامۆستا بە ئەنقەس مێزەرەکەی وا لێکردبێت.. جارێکی تر دەیگوت: لەوانەیە بەرامبەر بە فەرموودەکانی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم بێ نەفسی خۆی بنوێنێت، ئەو فەرموودانەی کە بەئەدەبەوە بۆ خەڵکەکەی باس دەکرد..

هەرچۆن بوو هەندێک خۆی بردەپێشەوە، تا ئەندازەیەک سوود لەو زانیارییە وەربگرێت..چونکە ماوەیەکی زۆرە لەم کۆڕە زانیارییانە دوور کەوتۆتەوە ..

سەیری کرد مامۆستا کتێبیشی لە بەردەستانییە لەگەڵ ئەوەدا زۆر بەروونی و رەوانی و بێ گرێ وگۆڵە لە بەر دەرسەکە دەڵێتەوە، ئەوەندەش بەئەدەبەوە فەرموودەکانی پێغەمبەری صلی الله علیه وسلم بۆ باس دەکرن، خەڵکەکە وایان دەزانی لە خزمەت پێغەمبەردا صلی الله علیه وسلم دانیشتوون ..

فەڕوخ ئەوەندە مامۆستای چووبووە دڵەوە، بێ ئەوەی بیناسیت خۆشی دەویست، ودوعای خێری بۆدەکرد،بێ پەروا تەعریفی دەکرد و دەیگوت: خوایە گیان! ئەم زانا هەڵکەوتووەی ئەو هەموو خەڵکەی لەدەورا کۆبووەتەوە، بەگەورە و بچووک و پیرو گەنج و زاناو قوتابیەوە، دەبێت کوڕی چ خوا پێداوێک بێت؟ خۆزگەم بەو دایک و باوکەی ئەمە کوڕیانە.. خۆزگا منیش کوڕێکی وام ببوایە!.. ئەگەر بەقەد ئەمیش زانا نەبوایە چش .. ئەوکاتە چاوم ڕوون دەبوەوە و بەدڵ ڕحەتیش

دەمردم، چونکە دەبووە زەخیرەیەکی گەورە بۆم، چ زەخیرەیەک لەوە چاترە منداڵێکی ساڵحت هەبێت و پاش مردن دووعای خێرت بۆ بکات؟

ئەوە نییە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم دەفەرمووێ: " ئەگەر بنیادەم مرد لەسێ ڕێگەوە نەبێت پاداشتی هیچ کردەوەیەکی پێ ناگات: خێرێکی بەردەوام، یازانیاریەکی سوود بەخش، یامنداڵێکی ساڵح کەدوعای خێری بۆ بکات". فەڕووخ هەندێ خەمباربوو کەخێرێکی ئاوەهای لەکیس چووە.. لەدڵی خۆیشیدا دەیگوت: ئەوکوڕەی منیش "ڕەبیعە" کە ئەم شەو بینیم لە دیمەن وسەرو سیمایدا لەخواترسی وتێگەیشتویی لێ دەر دەکەوت، لەوانەشە لەزانیاریدا شتێک فێر بووبێت ..

# ١٧

کۆڕە زانیاریەکەتەواو بوو، ئەوکۆڕەی کەلەشی فەڕووخی لێبوو، بەڵام بیروهۆشی لەشوێنێکی تر.. فەڕووخ دی واکۆڕەکە تەواوبوو، لەگەڵ خەڵکەکەدا خۆی بۆ ڕۆیشتنە دەرەوە ئامادەکرد..لەوێدا پیاوێک لەتەنیشتیەوەبوو، فەڕووخ دەستی گرت وگوتی: ئەرێ بەقوربان! ئەم زانایە کێیە؟

کابراش ئەم پرسیارەی پێ سەیربوو، بۆیە گوتی: خاڵەگیان! وادیارە نەیناسیت ؟..ئەوە زانای بەناوبانگی مەدینەیە، زۆر ئاگاداری فەرموودەکانی پێغەمبەرە صلی الله علە وسلم، و شەرعزانی ئەم شارەیە، بەخزمەتی هەندێک لەهاوەڵەکانی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم گەیشتووە، و زانیاریەکی زۆری لێ وەرگرتوون .. ئەو زانایە زانایەکی ناودارە، کەس نییە نەیناسێت، ئەوە موفتی مەدینەیە چۆن تۆ نایناسی؟!

فەڕووخ داوای پۆزشی کردو گوتی: ماوەیەکی زۆرە لەم شارە دوورکەوتوومەوە، ئەوە بۆیە نایناسم ..کابرا گوتی: خاڵەگیان! چۆن ناوی ئەم زانا بەناوبانگەت نەبیستووە؟ خۆ لەهەموو وڵاتانی ئیسلامیدا ناوبانگی دەرکردووە..

فەڕووخ گوتی: برا! سەرزەنشتم مەکە، چونکە من لە دوور ترین خاکی ووڵاتی ئیسلامیدا بووم، لە وڵاتی خۆراسان ..

کابرا گوتی: کەوابوو ناهەقت نییە ئەگەر نەیناسیت، وەرە باباسی ئەم زانایەت بۆ بکەم، بردیە گۆشەیەکی مزگەوتەکەوە و پێکەوە دانیشتن، پیاوەکە گوتی: خاڵەگیان! لەبارەی ئەم زانا پایە بەرزەوە سیواری کوڕی عبد الله "سوار بن عبد الله" گوتویەتی:" هیچ کەسێکم نەدیوە لەم پیاوە زاناتر بێت،گوتیان: حەسەنی بەسری وئیبنوسیرینیش؟ گوتی: بەڵێ، لەحەسەنی بەسری و ئیبنو سیرینیش زاناترە..

کابرا گوتی: ئەم زانایە بۆ سەخاوەت و دەست و دڵ باشی لەمەدینەدا وێنەی نییە، وەک باران دەیڕێژێت بۆ دۆست و ناسراو و نەناس، ئەمە چل هەزار درەمی بۆ تەنیا برادەرێکی خەرج کردووە!!

فەڕووخیش دەیگوت: ماشەڵڵا لەم پیاوە!!..دەی ئەم زانایە کێیە؟ کابراش گوتی: ئەمە کۆمەڵێک  زانای بەناوبانگ لەصەحابەو تابیعین مامۆستای بوون، وەک ئەنەسی کوڕی مالیک، و سائیبی کوڕی یەزید، و محمدی کوڕی یەحیا، و سەعیدی کوڕی موسەیب،  و قاسم ی کوڕی محمد، و ئیبنو ئەبی لەیلا، و ئەعرەج، و مەکحول، و حەنزەلەی کوڕی قەیس، و عبداللهی کوڕی یەزید، و چەندەهای تریش ..

فەڕووخ هەرچەند بەناوبردنی مامۆستاکانی پلەو پایەی زانیاری ئەم زانایەی بۆدەرکەوت.. بەڵام دڵی ئاوی نەخواردەوە چونکە تینووی بیستنی ناوی خۆی بوو.. بۆیە گوتی: بەقوربان! تۆ ناوەکەیم پێ بڵێ، ئەویش گوتی: خاڵە گیان! ناوەکەیشت پێ دەڵێم، جارێ پەلەمەکە، تۆ گوێم لێ بگرە بابەتەواوی بیناسیت، باسی مامۆستاکانیم بۆ کردیت، ئێستا با ناوی قوتابیەکانت بۆ هەڵبدەم، خۆ ئەو خەڵکە زۆرەت بینی لەکۆڕەکە دانیشتبوون، و ئەڵقەیان دابوو؟

فەڕووخ گوتی: بەڵێ..

پیاوەکە گوتی: ئەوانە هەموو قوتابی ئەو بوون، ناو دارەکانیان ئەمانەن: یەحیای کوڕی سەعیدی ئەنساری، و عەبد ڕەببەی برای، سلێمانی تەمیمی، مالیکی کوڕی ئەنەس، ئەوزاعی، شوعبە، سوفیانی سەوری، حەممادی کوڕی سەلەمە، لە ئیبنو سەعد، فلەیح، عبد العزیزی دراوەری، سلێمانی کوڕی بیلال، ئەبا ضومرە، ئیسماعیل کوڕی جعفر، و چەندەهای تریش ..

نەتبینی کۆڕەکەی زیاتر لەچل زانای تیابوو؟ بۆ نەتبیستووە یەحیای کوڕی سەعید لەبارەی ئەم زانایەوە گوتویەتی: هیچ کەسێکم نەدیوە لەم زیرەکتر"؟ وادیارە تامەزرۆی بیستنی ناوەکەیتی، با ئەمەشت بۆ بگێڕمەوە، ئەم زانا پایە بەرزە، لەگەڵ ئەم هەموو زانیارییەدا، ماوەیەکی زۆر،عابیدی گۆشە گیربووە، بەشەو شەونوێژی کردووە، وبەڕۆژیش یادی خوای کردووە.. مامۆستا ئەم لەقەبانەیشی لەناو خەڵکیدا هەیە:

(امام الحافظ)،وە، فقیه المجتهد، وە البصیر بالرأي).. ئەمە ناوی ڕەبیعەیە، باوکی ناوی فەڕووخە، بە باوکیشی دەڵێن: ئەبوعبدالرحمن، لەوانەیە تۆش لەخۆراسان بوویت ناوی فەڕووخت بیستبێت!! ئەرێ، بەڕاست نایناسی؟؟

کابرا ماوەیەک چاوەڕانی وەڵامی کرد.. بەڵام شپرزەیی و تێکچوونی لەڕواڵەتی خاڵەی گوێگردا بەدیکرد.. نەیزانی بۆچ وای لێهات؟ تۆ بڵێی بەم قسەیە نارەحەت بووبێت؟ بەوەدا کەفرمێسکێکی زۆر بەسەر گۆنایدا دێتە خوار لەوە دەچێ بەقسەکەم نارەحەت بووبێت، تۆ بڵێیت فرمێسکی شادی بێت؟ ..نا، لەوانەیە نەخۆش بێت!! پاشان ڕووی پرسیاری کردە هاونشینەکەی و گوتی: خاڵەگیان! چیتە؟؟ خاڵەگیان! چیتە؟؟ خاڵەگیان! توخوا پێم بڵێ، چیتە؟

فەڕووخیش گوتی: هیچم نییە.. بەڵام..

لەم کاتەدا قوڵپەی گریان زۆری بۆ هێناو نەیتوانی وەڵامەکەی بداتەوە و تەواوی بکات.

پیاوەکە گوتی: بەڵام .. چی؟ توبیتو خوا پێم بڵێ!! فەڕووخ بە پێویستی زانی وەڵامەکەی بداتەوە، هەوڵیدا تا بەسەر خۆیدا زاڵ ببێت و وەڵامی بداتەوە..

گوتی: براکەم، م..من..من.. لەویا دەنگی کپ بوو، کەوتە هەنسکدان و نەیتوانی وەڵامەکەی تەواو بکات.. تەنیا ئەوەی بەچاکزانی، بەرەوماڵ بگەڕێتەوە. بەڵێ هەر وایکرد لە مزگەوت هەستا، و بەرەو ماڵ کەوتەڕێ، کابرای هاو نشینی لەجێگەی خۆیدا مات بوو بوو، واقی وڕمابوو!!، نەیدەزانی چی بکات؟ نەیدەزانی تاوانی چی بوو؟! لەبەرخۆیەوە دەیگوت: لەوانەیە فەڕووخ هاوەڵێکی خۆشەویستی بووبێت و لەپەنایا شەهیدکرابێت، و بەم قسانەی من ئەو دیمەنەی یاد کەوتبێتەوە و نارەحەت بووبێت..

پیاوەکە دەستی بەسەرزەنشتی خۆی کرد و بەخۆی دەگوت: من هەڵەی وام بۆکرد؟ بۆچ فەڕووخم یاد خستەوە؟ بێگومان

لەپەنایا شەهید بووە و تائێستاش بۆی پەرۆشە!! پیاوەکەش خەم و پەژارە دایگرت و فرمێسک بەچاوەکانیدا هاتە خوار، لەبەر خۆیەوە دەیگوت: فەڕووخ ڕەحمەتی خوات لێ بێت، گیانت بەبەهەشت شاد بێت.. هەروەک ئەم زانا پایەبەرزەت، بۆ بەجی هێشتوین.. بخەوە بۆ خۆت.. چاو و دڵ ڕۆشنی، چونکە لەدوای خۆت باشترین و چاکترین زەخیرەت بەجێ هێشتووە!!

# ١٨

فەڕووخ بەهەڵەداوان گەڕایەوە بۆ ماڵ، هەر لەدەرگای حەوشەوە بانگی خێزانی کرد تا مژدەی بداتێ و گوتی: دایکی ڕەبیعە! دایکی ڕەبیعە! مزگێنیم بدەرێ!!

ئەویش گوتی: مزگێنی چی؟ باوکی عبدالرحمن! مزگێنی چی؟

فەڕووخ گوتی: مژدانەم دەوێت، دایکی ڕەبیعە، مژدانە!!

فەڕووخ هەر لەناو دالانەکە دانیشت و پاڵی دایەوە و لاقی لێ ڕاکێشا، تاپاش ئەو ماندوبوونە بەخەست و خۆڵی پشوو بدات، وەک ئەوە بیەوێت بەو جۆرە هەموو خەم وپەژارەی خۆی دەربکات.. پاش ماوەیەک گوتی: دایکی ڕەبیعە! بەڕاستی خوا بەهرەیەکی گەورەی پێ بەخشیوین، لەهەرچی ماڵ و سامانی دنیا هەیە چاترە..

ئەویش گوتی: باوکی عبد الرحمن! ئەو بەهرە خواییە چییە؟

فەڕووخ گوتی: منداڵی زانا و لەخواترس، لە دواڕۆژی ژیانماندا، دوعای خێرمان بۆ دەکات.. تەعریفی ڕەبیعەی کوڕمانت نەبیستوە؟ بەڕاستی خوا پلەو پایەیەکی وای داوەتێ

هەرگیز چاوەڕوانی نەبووم!! ئەو کوڕەی ئێمە زانایەکی واگەورەی لێدەرچووە، لەهەموو وولاتدا ناوبانگی دەر کردووە! سوپاسی بێ پایان بۆ پەروەردگاری مەزن، کە ئەم بەهرە گەورەی پێ بەخشیوین، باوەڕت هەبێت لەهەموو موڵک وسامانی دنیا چاکترە..

# ١٩

دایکی ڕەبیعە ئەمەی بەهەل زانی، تائەوەی ماوەیەکی زۆرە بیری لێ دەکردەوە پێی بڵێت.. خۆبۆ هەلێکی وادەگەڕا.. ئەوا بۆی ڕەخساوە.. بۆیە لەکیسی خۆی نەداو گوتی: باوکی عبد الرحمان! کامیانت پێ باشترە.. سیی هەزار دینارەکە یائەوەی کەبەو شێوە کوڕەکەت بینیوە؟

فەڕووخ، بێ سێ و دوو گوتی: وەڵڵا ئەمەیانم پێ چاکترە، بەو خوایەی کەخوای نیە، ئەمەم پێ باشتر و چاترە لەدونیاو هەرچی والە دنیادا..

ئەنجا دایکی ڕەبیعە گوتی: پیاوەکە،" سیی هەزار دینارەکە هیچی نەماوەتەوە و هەموو سامانەکەتم لەو کوڕەدا خەرج کردووە.."

دایکی ڕەبیعە دڵ و دەروونی ڕوون بوەوە، کەلەدەم مێردەکەیەوە ئەم قسەیەی بیست: " خواپاداشتت بداتەوە ئافرەت! وەڵلاهی بەزایەت نەداوە " دایک دەبێت وەک تۆ بێت!!

ئالەویا دەستی خێزانەکەی گوشی و گوتی: خوا لەبیاتی ئێمە پاداشتی خێرت بداتەوە، بەڕاستی دایکیکی بێ وێنە بوویت،

دایكیک بوویت نەک وەکو دایکان، چونکە هەموو دایكێک وەک تۆی لەدەست نایەت..

# ٢٠

دایکی ڕەبیعە! خۆزگا هەموو دایكێک لەژیری و هۆشیاریدا وەک تۆ بوایە! ئەوکاتە گەورەترین بەرە(جیل) مان دەبوو.. نەتەوە بەژمارەی زۆر گەورە نابێت..وەک بەپان و بەرینی وولات و بەکۆمەڵە چەکی هەڵچنراو گەورە نابێت..

گەورەیی نەتەوە بەمەزنی ڕۆڵە کانییەوەیە.. بەگەورەیی فەرماندەو پێشەواکانیەتی..

دایک قوتابخانەیە کەبەرەی داهاتوو پەروەردە دەکات و پێی دەگەیەنێت.. با وردبێتەوە، چ نەتەوەیەکی دەوێت..

بگرە دایک کارگەیەکەو نەتەوەیەک بەگشتی دروست دەکات.. با بیربکاتەوە دەیەوێت بەرەو کوێی ببات؟..

خوا پاداشتت بداتەوە دایکی ڕەبیعە، بەڕاستی تۆ سەرمەشق بوویت بۆ هەموو دایكێکی نموونەیی.. جێگەی خۆیەتی پێت بگوترێ: دایكێکی بێ وێنە لە فیداکاری و خۆ بەخت کردنا.

# # #

ئەو بەرهەمانەی وەرگێڕ کەتا ئێستا بەچاپ گەیەنراون:

١. ئێستا بەختیارم. ١٩٨٠
٢. ئێستا دڵنیام. ١٩٨٤
٣. گوڵێکی ژاکاو. ١٩٨٤
٤. عەودالّی ڕاستەقینە. ١٩٨٤
٥. زیندانیێکی گەڕۆک ١٩٨٥
٦. دوابڕیارم. ١٩٨٥
٧. ڕۆژوو لەئیسلاما ١٩٨٥
٨. پاش تێلانە ١٩٨٥
٩. سەربازێکی نەناسراو ١٩٨٥
١٠. دایکێکی بێ وێنە ١٩٨٥

ئەو سەرچاوە گرنگانەی بۆ ئەم چیرۆکە سوودیان لێ وەرگیراوە:


١. تهذیب سیرة ابن هشام بەرگی /٢
٢. السیرة الحلبیة بەرگی /٣
٣. تهذیب التهذیب بەرگی /٣
٤. تذكرة الحفاظ بەرگی /٢
٥. میزان الاعتدال بەرگی /٢
٦. تأریخ بغداد بەرگی /٨
٧. وفیات الاعیان لاپەڕە /١٨٠-١٨٤
٨. من اخلاق العلماء لاپەڕە/ ١٥٤-١٥٥
٩. احیاء علوم الدین بەرگی /١